www.kurdistannet.org
8-5-2003 1:00

# کوردستانیەتی کەرکوك ئەگەری سەلماندنی، یان لەبارچونی!!

ئەحمەد عەزیز / دانمارك

٢٠٠٣\٥\٥

هەڵبەتە ڕزگار بوونی کەرکوك بۆ جاری دووهەم (Marts١٩٩١، April 2003) لە مێژوی نوێ و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ڕاستی ئەوەی سەلماند بۆ ناوچەکە و هەموو جیهان، کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە و بۆ کورد دەگەڕێتەوە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە بووە مایەی ئەوەی لەم قۆناغەدا بە لای کەمەوە پڕۆسەی تەعریب و ڕاگواستنی کورد ڕابگیرێت. بەڵام تەعریبی ناو کەرکوك بە پێی خەمڵاندنە سەرەتاییەکان پتر لە ٩٠% وەکو خۆی ماوە تا ئێستا.



ڕەنگە ناونیشانی ئەم بابەتە بۆ خۆی ببێتە مایەی سەرنج و ڕاچەڵەکاندنی زۆربەی خوێنەرانی لەم هەلومەرجەدا کە کەرکوك ئازادکراوە و خەونی دێرینی و گەورەی کورد بە دیهاتووە. . ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی ئەم سەرنج و تێبینییانەی لای خوارەوە لە لام و پێم خۆش بوو ڕای گشتی کورد و دڵسۆزان و نیشتمان پەروەرانی لێ ئاگاداربکەمەوە و بیکەین بە پرس و بابەتێك و گفتگۆی لە سەر دروست بێت :-

- سەپاندنی پێك هێنانی ئەنجومەنێك لە لایەن ئەمریکییەکان لە شاری کەرکوك، کە پێك هاتووە لە ٢٤ کەس دابەش کراوە بە یەکسانی بە سەر کورد، عەرەب، تورکمان، مەسیحی، بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی شاری کەرکوك (کە بە ڕای من پەسەند کردنی بۆ خۆی دابەزین و پاشگەزبونەوەیە لە دروشم و مافەکانی خۆمان و ناڕەواییەکی گەورەش بەرانبەر بە کورد) .
- جیاکردنەوەی کەرکوك لە کوردستان، لە ڕوی بەڕێوەبرن و سیاسی (گرێ نەدانی بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان) ، بە هەمان شێوەی شارەکانی تری کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) .
- کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کەرکوك و دەوروبەری، تەنانەت ڕێگا نەدراوە بارگای هێزی پێشمەرگە لە ناحیەی لەیلان (٢٠ کم) و گوندی چیمەنی (١٠ کم) نزیك کەرکوك بمێنێت.
- داماڵینی چەك لە بارەگاکانی مەڵبەند، لق، ئاسایشی گەڕەکی القادسیە. . . ، هەر وەك نمونە لە شاری کەرکوك.
- پەسەند نەکردنی پرەنسیپی پارێزگا، یان بەرپرسی یەکەمی شار، کە لە کورد دەبێت هەڵبژێردرێت، وەك پێشتر لە هەولێر و سلێمانی پارێزگاری کەرکوك دامەزرابوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- کاتێك خێزانێکی عەرەب، کە لە چوارچێوەی پڕۆسەی تەعریب کردنی کەرکودا ڕژێمی بەعس هێناونی بۆ کەرکوك، هەر کەس و لایەنێك دەری بکلت، ئەوا دەچێتە لای هێزەکانی ئەمریکا و بە هێز و تانکەوە دەیگێڕنەوە سەر ماڵەکەی خۆی.
- یەکلانەکردنەوەی سنوری کوردستان و کوردستانییەتی کەرکوك لە هیچ کام لە دانیشتنەکانی کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە تایبەت هەردوو دانیشتنی لەندەن و سلاح الدین (Oktober ٢٠٠٢– Februar 2003) و بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی ئەو دوو تەوەرە گرنگ و چارەنوسسازە تا ئەمڕۆ و هێشتنەوەی بۆ ئەوەی پەرلەملنی ئایندەیی عێراق بڕیاری لە سەر بدات.

دیارە پەرلەمانی ئایندەی عێراقیش لە زۆرینەی عەرەب پێك دێت، وا مەزەندەدەکرێت دلن بە کوردستانیەت کەرکوك و تەواوی سنوری کوردستان نەنێن (گەر ئەزموونی دەیان ساڵەی ڕابردوو لە نێوان کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراق – ڕژێمی عێراق بکەین بە پێوەر و بنەمایەك) ، لە بەرانبەریشیدا کورد بۆ سەلماندنی ئەو مافانەی خۆی هیچ گرەنتی و بەڵێن و پەیمانێکی ناوخۆی و نێودەوڵەتی نییە، جگەلە گەشبینی ئەوە نەبێت، کە واچاوەڕوان دەکات پەرلەمانی ئایندەیی عێراق لە خەڵکانێکی دیموکرات خواز پێك بهێنرێت و ڕەچاوی مافەڕەواکانی گەلی کورد بکەن.

بۆیە پێم وایە بە پێی ئەو سەرنج و نیشانانەی سەرەوە هێشتا ئەگەری سەلماندنی کوردستانیەتی کەرکوك، یان لە بارچونی !! لە ئارادادایە و ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان دەمانخاتە بەردەم نواندنی تەواوی هەوڵ و تواناکانمان لەم قۆناغە ئاڵۆز و چارەنووسسازەدا لە پێناو بەرگریکردن لە کوردستانیەتی کەرکوك و سەلماندنی سنوری ڕەسەنی کوردستان و، پێم وایە سەرکردلیەتی جولانەوەی سیاسی کورد سەبارەت بە کوردستانییەتی کەرکوك و دیاری کردنی سنوری کوردستان مافی سازش کردنی نییە، بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕای گەلی کورد و ئەنجام دانی ڕاپرسییەکی گشی لە سەر تاسەری کوردستان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.